# دوو نامەی مێژوویی



کۆڕینی لە فرانسیەوە
عومەر دزەیی

٥

## لە فریدریك باربەرووسەوە بۆ صلاح الدین

لە پاش گرتنی فەلەستین‌و ناوچە گرنگەکانی سوریـا لە لایەن سوپای موسڵمانانەوە بە سەرکردایەتی شۆرەسـواری کورد صلاح الدینی ایوبی ، ئیمپەراتـۆراتی بیزانتیـای گاور کەوتە مەترسی ئەوەی کە بە تەواوی سەرنگون ببێ‌و بکەوێتە ژێر دەستی موسڵمانەکانەوە . لە بەئەوە گەورە قـەشەی شـاری صوور ـ کە هێشتا بەدەست خۆیانـەوەبوو ـ بـە هەڵەداوان خۆی گەیاندە ئەورووپاو ئەو هاوارە ناخۆشەی بۆ پاپا ئوربانی سێیەم برد . بانگەواز لە لایەن پاپاوە بڵاوکـرایەوە ، هـەموو ئیمپەراتۆرو شاو میرو مارکیزو کـۆنت‌و کاردینـاڵ‌و مەتـران‌و گەورەپیاوانی ئەورووپا ئاگادارکران بۆ خـۆ ئامـادە کردن بـۆ شـەڕی ژمارە « ٣ » ی نێـوان گاوران‌و مـوسڵمانـان ، ئـەو شەڕەی کە نێوبانگی بە شەڕی خاچداری سێیەم دەرکرد . بە مەبەستی ئەوەی کە خەڵکەکە بۆ شەڕ هان بدەن‌و ویژدانیان بجووڵێنن ، نەخشێکی هەڵکەندراویان بە ئەورووپادا دەگێڕا کە بریتی‌بوو لە « شوێنە پیرۆزەکان بە تەرسی ئەسپی مەملووکێك سواغ درابوو ، عیسایش لە لایەن محمدەوە دارکاری دەکرا » لە هـەموو لایـەکەوە لەعنـەت بۆ صـلاح الدین دەنێـردرا . باجێکیان دانا بۆ یـارمەتی بـۆ شەڕ کـۆکردنـەوەو ناوی نـرا « دە ـ یەکی صلاح الدین » .

ئیمپەراتۆری جەرمانیا فریـدریك بـاربەرووس ، کـە لە هـەرەتی لاویدا لە گـەڵ مامی لە شـەڕی خاچـداری دووەم بەشداربیووو شارەزای ڕێگاو شەڕی موسڵمانان‌بوو ، نەك هەر ئـومیدەواری ئـەوەبوو کـە ڕۆژهەڵاتی خـریستیـان لە دەست موسڵمانەکان ڕزگار بکات بەڵکو خـەویشی بەوەوە دەدیت کـە

دەسەلاتی خۆی بەسەریدا بکێشێ ئەوەبوو کە خۆی کردە سەرکردەی هەموو دیانەکان و لەشکریکی صەدهەزار نەفەرییی سازکرد . لەشکرێك کە لە هەموو میللەتانی ئەورووپاوە پێك هاتبوو هەر میللەتەش خاچێکی - بەرەنگی جیاجیا - بۆ داندرا کە لە ژێر ئالاکەیەوە بجەنگن .

فریدریك - ئەوسا ٦٤ سالآن بوو - بەر لەوەی بەرەو فەلەستین و خاکە پیرۆزەکانی بکەوتە ڕێ ، نوێنەریکی بۆ صلاح الدین ناردو ئەم پەیامەی خوارەوەی پێدا ڕەوانەکرد :

« لە فریدریکەوە ، ئیمپەراتۆری هەمیشە پایەداری ڕۆمانان ، دوژمن بەزێنی بێ هاوتا ، بۆ صلاح الدین سەرۆکی موسلمانان .

لەبەر ئەوەی کە ئێوە خاکە پیرۆزەکەی ئێمەتان گلاو کردوەو ئێمەتان خستۆتە نیگەرانییەوە ، بە ئەرکێکی شاهانەی خۆمانی دەزانین کە بۆ ئەو تاوانە بێ شەرمانەتان سزاتان بدەین . هەر وەها بە ئەرکیشی دەزانین پێشەکی ئاگادراتان بکەین کە ئەگەر بێتو ئەو خاکانەمان نەدەنەوە ، کە لە بنەڕەتدا هی خریستیانانن ، ئەوا ناچار دەبین پشت بە خاچ ببەستین و هێزتان لە گەڵدا بەکار بێنین . مێژووی کۆنەو نوێ دەبێ فێری کردبن کە هەردوو ئیتیۆپیا مۆریتانیا ، فارس ، سوریا ولاتی پارثەکان ، یەهوودا و سامیرە ، عەرەبیا ، کالدیا ، میسرو .. ئیدی ، کەوتنە ژێر دەستی ئێمەوە ؛ شایەکانی ئەم ولاتانەش لە بیریان نەچووە کە چۆن شیری ڕۆمانەکان بەخوێنی ئەوانەوە سوور هەڵگەڕان .

ئێوەش ، بەم زووانە ، بە چاوی خۆتان دەبینن بازە سەرکەوتوەکانمان ، شەڕ کەرەکانمان کە لە میللەتانی جۆراو جۆرەوە پێك هاتوون ، چ کاریکتان پێ بکەن . بەم زووانە توورەیی تویتۆنەکان تاقی دەکەنەوە کە تەنانەت لە کاتی ئاشتیشدا دەست لە سەر چەکن ، لەسەر حیسابی خۆتان ئاشنایی لە گەڵ دانیشتوانی ئەم بەروبەری ڕوباری ڕاین دا پەیدا دەکەن ؛ لە گەڵ جەوانانی ئیستریادا ، کە هەرگیز نازانن بەزین چی یە ؛ لە گەڵ باڤارییەکان و دانیشتوانی شڤابیای بە خۆنازو فێلباز ؛ لە گەڵ فەرەنگ و ساکسۆنان ، کە بە دەمی تیغ یاری دەکەن ؛ گەلانی توورینگن و ویستفالیا ؛ باربانسۆنەکان ، لۆرینیەکان کە ئاشتیان قەت و قەت بە خۆوە نەدیوە ؛ بورگوندیە نیگەرانەکان ، شاخەوانەکانی چیای ئەلپ ، فریزۆنەکان کە لە ڕمبازیدا هەر خۆیان سەرپشکن ؛ بۆهێمیەمان کە هەمیشە دەم بە خەندەوە دەزانن بمرن ؛ پۆلۆنیەکان کە لە درندەی دارستانەکانی خۆیان درترن ؛ ئۆتریشیەکان ، ئیلیریەکان ، لۆمباردەکان .

هەر چۆنێکی بێ ، ئەو ڕۆژەی کە بۆ سەرکەوتنی دینی عیسا داندراوە ، فێرتان دەکا کە ئێمە هێشتا پسپۆڕین لە شمشێر هەڵکێشان و بەکار هێنانی هەرچەندە کە ئێوە وای بۆ چوون گوایا پیری شەرپێوی کردووین . »

صلاح الدین پاش خوێندنەوەی پەیامەکە ، بەوپەڕی ڕێزو ئەدەبەوە لە گەڵ بالیۆزی فریدریك باربەرووس ، پەیام هەلگرەکە ، بە دەوری سینیەکی پڕ ڕاحەتەلوقوم و کێکی لە هەنگوین دروستکراودا دانیشت و گفتوگۆی لەگەڵدا کرد . صلاح الدین بە دڵێکی فراوانەوە قسەکانی کابرای هەموو وەرگرت و بۆ ڕۆژی دوایی ئەم وەلامەی خوارەوەی دایە دەست لەگەڵ کۆڵێك وردە دیاری :

**« بۆ فریدریکی زۆر ناودار ، دۆستی دڵسۆزمان ، شای ئەلەمانان :**

بە ناوی خودای میهرەبان ، تاك و تەنیاو گەورەتر ، هەمیشە سەرکەوتووو نەگۆڕ ، خاوەنی حوکمی بێ پایان .

دروود بۆ ئەو زاتەی کە نیعمەت و بەرەکەتی خودای لە سەر کورەی ئەرزیدا بلاو کردۆتەوە . صەلات و سەلامان بۆ هەموو پێغەمبەرەکانی خودای بەخشندە وە لە پێش هەموواندا دانەری شەریعەتمان پەیام هەلگری خۆی ، محمد ، کە خۆی هەناردویە بە مەبەستی چاکردنەوەی تاکە شەریعەتی بەڕاستی ئەو شەریعەتەی کە لە لایەن هەموو میللە تانەوە دەبێ پەیڕەوی بکرێت .

ئێمە بە شای توانا ، دۆستی دڵسۆزمان ، شای ئەلەمانان ڕادەگەیێنین کە کابرایەکی هێنری ناو هاتووەو دەڵێ کە بالیۆزی ئێوەیە ؛ پەیامێکی بۆ هێناوین کە گوایا لە لایەن

ئێوەوە نێردراوە . ئێمە هەموو شتێمکان بە ئاشکرایی لە گەڵدا باس‌کرد . ئەمەیش وەلاممانە بۆ پەیامەکە :

ئێوە ناوی کۆڵێك شـا ، میر ، کـۆنت ، گەورە قـەشە ، مارکیز ، سوارچاك‌و کۆمەڵێك میللەتانتان هێناوە کە بە تەمان لە گەڵ ئێوەدا بە سەرمان‌دابدەن .

بزانن کە ئەم نامەیەی ئێمە جێگای نـاوی ئەو هـەموو میللەتانەی تێدا نابێتەوە کە ئیمپەراتۆراتیەکەمـانی لێوە پێـك هاتووە . دەریا نی‌یە ، ڕێبڕ نی‌یە بتوانێ بیانوەستێنێ . ئەوانە ئامادەن بە ڕاکردن لە ژێر بەیداغەکانی ئێمەدا بـڕۆن . ئێمە تەنانەت ئەو سەربازانەیشمان هێشتا لە گەڵدان کە بە وانەوە تـوانیمان زۆر وڵاتـان بگرین . ئـەگەر ئێـوە بە ڕاستیتـانـەو دەتانەوێ بەو هەموو خەڵکەوە ، کە نامەو باڵیۆزەکەتان باسی دەکەن ، بێنە سەرمان ، ئەوا ئێمە ـ دوور لە وەی کـە لێتان بترسین ـ بەرەو پیرتـانەوە دێـین‌و سەرکـەوتنیش ، پەنـا بە خودای گەورەو توانا ، هەر بۆ خـۆمانـە . ئەوسـا دەریایـان دەبڕین‌و وڵاتەکەتان لێ تێك‌و لێك دەدەین چونکە ئێمە دەزانین کە بۆ پێکهێنانی لەشکرێکی واگەورەی کە باسی دەکەن ، دەبێ ئێوە وڵاتەکانتان چۆڵ بکەن هەینێکە کەستان لەوێـدا نامێنێ بەرگری‌یان لێ بکات . ئینجا ، پاش ئـەوەی کە لە فـەلەستین پانتان دەکەینەوە ـ بـە خۆتـان‌و بەو هـەموو کـەسانـەی کە دەیـانـەوێ تـوانـای ئێمـە تـاقی بکـەنـەوە شتێـك نـامێنێ بمانگێڕێتەوەو دەبینە خاوەنی وڵاتەکانتان ئەمەیش هـەمووی پشت‌و پەنا بە خودای تاك‌و تەنیا .

مەسیحاتی دوو جاران لە ڕووی ئێمە ڕاست‌بۆتەوە . لە میسر هێـرشیان هێنـایە سـەرمان جـارێکیان نـزیکی دمیاطو جـارێکیش لە پێش اسکندریـة . خۆ ئێنکـاری ئەنجـامی ئەو هێرشانە ناکەن ! لەوساکەوە خودا هێزی ئێوەی هەر لە کورتی داوەو ئەوەی ئێمەش هەر لە زیادی : میسر ، شانشینەکـانی دمشق‌و قدس‌و حلب ، کەنارەکانی سووریا ، میاندواو (واتا بین النهرین یان میزۆپۆتامیا نەك شاری میـاندواوی کـوردستانی ئێران ـ ع . د ) و زۆر هەرێمی دیکە . میرە موسڵمانەکان یان سەر بە خـۆمانـەوەن یانیش بـاجدەرن . سـوڵتانـەکان . لە فەرمانمان دەرناچن . ئەگەر داوا لە خەلیفەی بەغدا ـ خوا لە خێری بە زیادکا ـ بکەین سوپامان بۆ بنێری ، خـۆی لە سەر تەخت دێتە خوارەوە بۆ پشتگیریمان لەم شەڕە پیرۆزەدا . خۆی تـەنها سێ شـار بۆ گـاوران دەمێنێتەوە : صـور ، طرابلس ، انطاکیة کە ئەمانەیشیان هەر لێ‌دەسێنین .

ئەگەر ئێوە شەڕخوازن‌و خودای تعالی‌یش حوکی قەزای ابدی خۆی بۆ لە ناوبردنتان دابێ ، دە وەرنە پێش هەتا بۆتان بێین . خۆ ئەگەر ئاشتی خوازیشن ئەوا فەرمان بۆ حوکمدارانی ئەو سێ شارەتان دەربکەن کە دەروازەی شارەکـانیانمـان بۆ بخـەنە سـەر پشت . ئەگـەر بەم مـەرجـانـە قـایلن ، ئێمـە خاچەکەتان دەدەینەوە ، دەستبەسەرەکانتان ئازاد دەکەین ، ڕێگـا بە یـەکێـك لە قـەشـەکـانتـان دەدەین لە « کلیسـەی قیامەت » دا بمێنێتەوە ، دێرەکانتان هەمووی دەگـەڕێنینەوە سـەر دۆخی جاران ، هـەڵسـوکـەوت‌و ڕەفتـارمـان لە گـەڵ دیندارەکانتان باش دەبێ ، ڕێگای حەجاجەکانتان دەدەین بێنە زیارەتی شاری پیـرۆزو لە گەڵتـاندا ئـاشتیەکی هـەمیشەیی دەکەین .

جا ، ئەگەر ئەو پەیامەی کە هێنـەری ناوێـك بۆ ئێمـەی هێناوە ، بەڕاستی لە لایەن شای ئەڵەمانانەوە مۆرکراوە ، ئەوە دەمانەوێ بزانن کە ئەمەیە وەڵامی ئێمە .

لە ساڵی ٥٨٤ ی کۆچی‌دا نووسراوە ، بە هەوڵ‌و هێزی خودای تاك‌و تەنیا . خودا فریای پەیـامبەری خـۆی ، محمد ، کەوێ . خودا فریای ئەوەی وی کەوێ . خودا قەبووڵ بکات صەلات‌و سەلامی سوڵتانی هەرە ناودار ، سەرکەوتـوو ، شەڕکـەر بۆ کـەلیمەی حـەق ، ئەخشی درەوشاوەی باوەڕو ئایین چاکەرەوەی دنیاو دین شای موسڵمانان ، نۆکەری هەردوو شـارە پیرۆزەکـان‌و ماڵە پیرۆزەکەی قـودووسێ بابی هـەموو سـەرکەوتـووان ، یووسفی کوڕی ئەییوب . »

## سەرچاوە (بەفرانسەیی)

ALbert Champdor

SALADIN

('Editions ALbin MicheL , Paris 1956)